*Journal of Language Studies.* **Vol. 5, No. 2, Winter 2022, Pages (234-251)**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# The philosophy of Place in Abbas Salih's Collection *My Loneliness is Like Drops of Rain*

**Asst. Inst. Pary omer Ali***
**Sulaymaniyah University**
**E.mail: ali@univsul.edu.iq**

---

**Asst. Inst. Srwa Tahir Ali**
**Halabcha University**
**E.mail: Srwa.ali@uoh.edu.iq**

---

**Inst. Dr. Hemn Kareem**
**Halabchah University**
**E.mail: Hemn.kareem@uoh.edu.iq**

**Keywords:**

- Philosophy of place
- place
- poem
- Abbas Salih

**Article Info**

**Article history:**

**Received: 28-1-2022**

**Accepted: 15-2-2022**

**Available online**

## Abstract

One of the crucial subjects that has a great influence in kurdish literary works and other nations and has long inspired literary writers is "place". Place is a basic and important concept that has motivated all literary writers, without it they wouldn't have been able to reach their works to properness. Moreover the place in all literary works encompass a big role, of a literary piece entitled the philosophy of place in the collection of ( My loneliness is alike drops of Rain) of Abbas Salih. This research consists of two significant parts. The first section is the theoretical part of the research that deals with introducing place, the philosophy and effect of place to the poet, the position and importance of place in kurdish literary works and the types of place. The second part of the research is the practical of place in Abbas Salih's poems. Furthermore what brings more questions for us as a researcher is researching the concept and philosophy of place. As well as the aim of the research is generally displaying the place in

* **Corresponding Author**: Pary Omer Ali, **E.Mail**: ali@univsul.edu.iq
**Tel**: +9647700929494 , **Affiliation**: Sulaymaniyah University -Iraq

| | |
|---|---|
| | kurdish literary works and specifically in contemporary poems and in poet' s contemporary view of it's poems. So the method of this research is considering the descriptive analysis to explain the poemic texts. |


# فلسفة المكان في ديوان عباس صالح: وحدتي تشبه قطرات المطر


**م. م. بري عمر علي–جامعة السليمانية**

**م. سروه طاهر على–جامعة حلبجة**

**م. د. هيمن كريم حمه صالح–جامعة حلبجة**


| | |
|---|---|
| **الخلاصة :** يعد موضوع المكان احد الموضوعات المهمة و المؤثرة في الأدب الكردي و الآداب الاخرى. فالمكان مفهوم اساسي و هام جدا ، اذ اننا لا نجد كاتباً بمقدوره ان ينتج أثراً أدبياً بعيداً عن المكان ، لهذا جاء عنوان البحث ( فلسفة المكان في ديوان –وحدتي تشبه قطرات المطر– للشاعر عباس صالح) و يتضمن مبحثين أساسيين: المبحث الاول : التعريف بالمكان و فلسفة المكان و تاثير المكان لدي الشاعر ، ثم أهميته في الأدب الكردي و انواع المكان ، بصورة نظرية. المبحث الثاني : عرضنا فيه المكان في أشعار عباس صالح بصورة تطبيقية .السؤال الأساسي في البحث هو فلسفة المكان و مفهومه. والغاية منه هي عرض مكانته في الأدب بصورة عامة و في الشعر المعاصر بصورة خاصة. ومن ثم استعراض الاشعار التقدمية و العذبة للشاعر، والذي اتبعنا فيه منهجا تحليليا وصفياً. | **الكلمات الدالة:-**<br><br>**– فلسفة المكان**<br>**– مكان**<br>**– قصيدة**<br>**– عباس صالح**<br><br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>الاستلام: 2022_1_28<br>القبول: 2022_2_15<br>التوفر على النت |

# فەلسەفەی شوێن لەدیوانی (تەنیاییم لەتنۆکی باران دە چێ)ی عەباس ساڵح دا


**م. ي. بري عمر علي-جامعة السليمانية/ زانکۆی سلێمانی**
**م. سروه طاهر على- ، زانکۆی هەڵبجە، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور**
**م. د. هيمن كريم حمه صالح، زانکۆی هەڵبجە، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور**


یەکێك لەبابەتەگرنگەکان، کەبەردەوام ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لەئەدەبیاتی کوردی و میللەتاندا هەیە بابەتی شوێنە، شوێن ئەو چەمکە بنەڕەت و گرنگەیە، کە هیچ بابەتێکی ئەدەبی نییە نوسەرەکەی بەبێ ئەو بتوانێت

بەردەوامـی بە نوسـین بـدات. هەربـۆیە شـوێن بە هەمـوو جۆرەکـانییەوە گرنگـی و بـایەخێکی تـایبەتی هەیە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانـدا. ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی( فەلسـەفەی شـوێن لە دیـوانی تەنیـاییم لە تنۆکی باران دەچێی عەباس ساڵح)دا، کە خۆی لە دووبەشـدا دەبینێـتەوە، بەشی یەکەم ناساندنی شوێن و فەلسەفەی شـوێن وکاریگـەری شـوێن لای شاعیر، پێگە و گرنگی شوێن لە ئەدەبی کوردیدا و جۆرەکـانی شـوێن بەشـێوەیەکی تیـۆری لێیـدواوین، بەشـی دووەم بەشـێوەیەکی پراکتیکـی شـوێنمان لەشـیعرەکانی عەبـاس سـاڵح دا خسـتۆتە ڕوو. ئـەوەی جێـی پرسیارەبۆ ئێمەی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا فەلسـەفەو چـەمکـی شـوێنە، ئامـانجی ئەم تـوێژینەوە بـۆ خسـتنەرووی شـوێنە لە ئەدەبـدا بەگشـتی و شیعری هـاوچەرخ بەتـایبەتی، هەروەهـا خسـتنە رووی شـیعرە نوێخـواز و پاراوەکانی شاعیر.

میتۆدی توێژینەوەکە، میتۆدێکی شیکاری وەسفییەبۆ شـیکردنەوەی دەقـە شیعرییەکان.

**کلیلە وشەکان:** فەلسەفەی شوێن، شوێن، شیعر، عەباس ساڵح.

## 1- پێشەکی:

شوێن و شیعر پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزیان پێکەوەهەیە، شعیری کـوردیش لـەقۆنـاغی نوێـدا زیـاتر گرنگـی بـەشـوێن داوە بـەجیـاوازی لـە شاعیرانی پێشوو، لەسەرەتادا لەسەر گرنگی شوێن و ناساندنی شـوێن، هەروەها لەهـەنـدێ جـۆری شـوێنی لاوەکـی و شـوێنی سـەرەکـی دەوە ستین، بەتایبەتی لەو جۆرانەی کەلەدەقەشیعرییەکانی ئەم شاعیرەدا ڕە نگیان داوەتەوەو هەوڵدەدەین لەم ڕووەوەئەو دەقانەشـیبکەینـەوە، بـۆ سـە لماندنی پەیوەندی ئەم دوو بابەتەیەکێك لەو شاعیرانەی کەشوێن بەدەقـە ئەدەبیەکانیدا ڕۆ چوەتە خوارەوە(عەباس ساڵح)ە، بۆچی هێندە گرنگـی بـە شوێن داوە، شوێن چ واتایەگی جەوهەری هەبووەلای شاعیر ئەمانەدەبنە چەند پرسێك بۆ توێژینەوەکە.

لێرەدا مەبەستمان نییەلەسەراپای چەمکی شـوێن و هـەمـوو جـۆرە کانی بکۆڵینەوە، بەڵکوهەوڵدەدەین تەنها ئەو جۆرانەی شـوێن باسـبکەیـن کەدەبن بەدەروازەیەك و کار ئاسانیمان بۆ دەکەن تا ئێمەش بتـوانین لـەبـەر ڕۆشنای دیدی خۆمان بیانخەینەڕوو، وابەستەیی شوێن و شیعر ئەو ڕەهـە ندەیەکـەسـەرجـەم چالاکی و سـەرەدەری مرۆڤایـەتـی دەگرێتـەخـۆی لـە نێوانیشیاندا شاعیران ئەم هەلەدەقۆزنەوەو دەقەشیعرییەکـانی پـێ زاخـاو دەکەن، ژانری شیعر وەك ژانرەکانی دیکە ڕووداو گەلێك دەگرنەوە، بۆ ئەمـە ش پێویستی بەکات و شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکەدەبێت، بەو پێیەی شوێن ڕەگەزێکەلەڕەگەزەدیارەکانی نێو دەقەئەدەبییەکان. شـیعریش وەك هـەمـوو ژانرەکانی تر شوێن دەبێتەبەشێك لەپێك هێنەرەکانی. توێژینەوەکـەمـان لـە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت بەشـی یـەکـەم تـەنهـا لـەسـەر ناسـاندن و ڕاوبۆچون و جۆرەکانی شوین و توێژینەوەکانی پێشو وەستاوین، لەبـەشـی دووەم دا زیاتر لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەمان خستوەتەڕوو، کـەشـوێن و چەمکی شوێن لای شاعیر چۆن بەکارهاتوە، بۆچی دەریا باگراوەندێکی جە لادی هەیەلای شاعیر، بۆچی کانێسکان دەبێتەشوێنێکی مێـژووی..... لای

شاعیر. هەروەها نوسینی ئەم دەقانەی شاعیر لەچەند وشەگەلێکەوە ئیلهامی وەرگرتووە، زۆر جار تراژیدی بووەو زۆر جار ئارامبەخش و ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و..هتد.

**گرنگی شوێن لە ئەدەبدا:** شوێن لە دەقی ئەدەبیدا خاوەنی بایەخێکی گرنگ و تایبەتە، لێکۆڵەران لەگەڵ هەرسێ ڕەگەزی (ڕوداو،کارەکتەر،کات)دا بە ڕەگەزێکی گرنگ ناوی دەبەن، لەبەر ئەوە پێویستی بە مامەڵەکردنێکی هەستیار و ورد هەیە، چونکە زۆرجار نوسەر لەڕێی شوێنەوە دەتوانێت (ململانێی دەرونی کارەکتەرەکان، هەروەها دروست کردنی پەیوەندیەکانیان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەربخات). (نەجم ئەڵوەنی،٢٠١١:٧٠). هەروەها خەیاڵ ڕۆڵی هەیە لە دروستکردن و وێناکردنی شوێندا. (شوێن دەبێتە هێڵێکی پەیوەست بە دەرون و بیری شاعیرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شوێن کاریگەری دەلالەتی لە شیعردا هەیە، ئەگەر شوێن خوێنەرەکەی پەیوەست بکات بە واقیعەوە، ئەوا کات ئەو واقیعە ڕوناک دەکاتەوە، سیمایەکی مەبەستداری پێدەبەخشێت، لەبەرئەوە کات و شوێن لە دەقی ئەدەبیدا دوو سایەی تەواوکەری یەکترن). (لوقمان ڕەئوف،٢٠١٢ :٥٠). هەروەها (شوێن فاکتەرێکی ڕازاندنەوەی ئارایشتی دەقە، نوسەر بەهۆی وەسفی هونەری شوێنەوە توانای هونەری زمانی خۆی دەردەخات، وێنەیەکی هونەری جوانی شوێن پێشکەش بە خوێنەر دەکات و بۆشایی نێو دەقەکەی پێ پردەکاتەوە، هاوکات فەزایەک دروست دەکات هەموو توخمەکانی دەق لەخۆ دەگرێت). (تانیا ئەسعەد، ٢٠١١: ٤٩). بۆیە ئەتوانین بڵێین وەسفی شوێن خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ خەلق کردنی فەزای دەقی ئەدەبی.

## بەشی یەکەم:

**1-1 تیۆر و بنەمای شوێن:** شوێن وەک قەوارە لە ژیانی مرۆڤدا بەهایەکی گرنگی هەیە، پەیوەندیەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە، تا ئەو ڕادەیەی شوێن کاریگەری لە ژیانی مرۆڤ دا دروست کردوە لە ڕووی دەرونییەوە بێت، یان کۆمەلایەتییەوە، هاوکات مرۆڤیش بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر شوێن هەبووە، بەجۆرێک هەر لە سەرەتاکانی ژیانی ئادەمیزادەوە لە سەر زەمین، هەتا بە ئێستاش دەگات پەیوەندیەکی پتەو مرۆڤی بە شوێن بەستۆتەوە، شوێن ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنیدا بینیوە، کارتێکردنی بەردەوام و ئاڵوگۆر لە نێوان مرۆڤ و شوێندا هەبووە و هەیە.

ئەم بەرکەوتنە بەردەوامەی مرۆڤ و شوین وای لە کۆمەڵێک فەیلەسوف کردوە کە باوەڕی حەتمیان بەو کاریگەریە هەبێت و ببێتە جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوەیان. شوێن لە ئەدەبدا بە گشتی یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، کە تایبەتمەندێتی دەدات بە ئەدەب، دەبێتە چوارچێوەیەکیش بۆ ڕودانی

ڕوداوەکان، هەرچەندە چەمکی شوێن لە ئێستادا گۆرانی بە سەردا هاتووە و لەو چەمکە دەرچووە، کە تەنیا شوێنێک بێت بۆ دەرخستنی ڕووداوەکان، بەڵکو شوێن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەخشینی دونیایەکی سەرنج هەڵگر و فەنتازیا بەخشدا بە دەق. ((شوێن لە ناو دەقدا بە تایبەتی لە شکسپیرەوە ئیدی یەکێتی شوێن بەوشێوازەی پێش خۆی نەما سنوری جوگرافیایەکی درامی دەقەکانی لە شوێنێکی دیاریکراوەوە بەرەو جوگرافیایەکی کراوە گواستەوە)) (ئەبوبەکر، ٢٠٠٧: ١٩٢) ئیدی لێرەوە شوێن ڕاڤەی زۆرێک لە دەلالەتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ دەکات. شوێن لە ئەدەبدا (ئەو چەمکەیە کە هەست بە بونی دەکەین، بە شێوازێک هەستەکانیان لەگەڵیدا تێکەڵ دەبن ، بەزەحمەت لێی جیا دەبنەوە. چونکە پەیوەندیەکی بونی و ژیانی پێکەوە گرێدەدات و شوێن دەبێتە ڕیتمی هەستەکانمان و تەواو وابەستەی بونمان دەبێت، بە شێوەیەک شوێن واتە بونمان، ژیانمان، مانمان) (ڕەئوف، ٢٠١٢: ٤١). لەبەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی شوێن لە ژیانی مرۆڤدا هەیەتی و ناتوانرێت دەسبەرداری ببین. بەهەمان شێوەش لە نێو ئەدەبدا، لەلایەن نووسەرانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو شوێن لەنێو کایە ئەدەبیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی شوێنی لەدایک بوون و یادی منداڵی زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەیە لای نووسەران. گرنگی شوێن لە تێکستی ئەدەبیدا تەنیا بۆ ئامادەبوونی وەک شوێنێکی جوگرافی ناگەڕێتەوە، بەڵکو (بۆ ئەو ئەرکانە دەگەڕێتەوە کە نوسەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بە چەمکە شوێنیەکانی دەیبەخشێت، چونکە شوێن بەقەدەر ئەوەی بە ڕوونی و هەستکردنی هەستەکی دەناسرێت، بە قەدەر ئەوەش هەڵگری واتایەکی نادیاری و ناڕاستەوخۆیە لە سەرئاستی وشەکەوە ، لێرەوە شوێن ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە چۆنیەتی و چەندایەتی کاری هونەریدا) (عەبدولقادر، ٢٠٠٩: ١٠). لێرەوە شوێن دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی تەکنیکی هونەری دەقدا. بەواتایەکیدی (شوێن لە چوارچێوەی وشە و بیری شاعیردایە و وێنە دەکێشرێت، بەمەش شوێن وەک ئەو پانتاییەی کە لە واقیدا هەیە، لەناو دەقەکەدا بە شێوەیەک جێگەی دەبێتەوە، چونکە شوێن لە دەقی ئەدەبیدا بەدەر لە شوێنە واقیعیەکە زیاتر وەک شوێنی مەجازی و وێنەی شوێن لە شیعردا دێتەدی، بەمەش شوێن مەدلوولی خۆی هەیە و لەو ئاڕاستەیەوە واتاکان دیاری دەکرێن).(ڕەئوف، ٢٠١٢: ٤٥). شوێن بەدەر لە لایەنی جوگرافی هەڵگری چەندین ڕەهەندی فەلسەفی ترە، لەبەرئەوە لەنێو دونیای ئەدەبدا ئەوەندەیی ئیش لەسەر ڕەهەندە فەلسەفیەکەی دەکرێت و جێگەی بایەخە ئەوەندە لایەنە جوگرافیەکەی گرنگ نیيە.

### ٢-1 ڕەهەندی فەلسەفی شوێن:

بیری شوێن هەر لە سەرەتاوە سەرنجی زۆرێک لە فەیلەسوف و بیرمەندان و زانایانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، بۆتە جێگەی بایەخدان، هەریەکەیان بەپێی بۆچونی خۆی لە چەمکی شوێنی ڕوانیوە. ئەفلاتۆن

یەکەم کەس بووە لە بارەی شوێنەوە دواوە، لە پاش ئەم ئاماژانەی ئەفلاتۆن بە چەمکی شوێن لە لایەن فەیلەسوفانەوە شوێن بایەخی پەیداکرد، ئەفلاتۆن سەبارەت بە شوێن دەڵێت: (شوێن گرتنە خۆو تێیدا بوونە، کە بۆنێکی ڕاستەقینەی هەیەو لە سێ مەودا پێکدێت).( العبیدی، ١٩٨٧: ١٩). بە پێی بۆچونی ئەفلاتۆن هەموو ماددەیەک شوێنێک داگیر دەکات، پێکدێت لە سێ مەودا ئەوانیش (درێژی و پانی و بەرزین). هەروەها ئەرستۆتالیس باسی لە گرنگی شوێن کردوە و شوێنی کردوە بە دوو بەشەوە (شوێنی گشتی و شوێنی تایبەتی) (ئیسماعیل،٢٠٠٩: ٢٩). فەیلەسوفە موسوڵمانەکانیش لە بەرهەمە فەلسەفیەکانیاندا بۆچوونیان دەربارەی شوێن خستۆتە ڕوو یەکێک لەوانەش (ئیبن سینا)یە دەربارەی شوێن دەڵێت: (ڕووی ناوەوەی ئەو تەنە لە خۆگرتوەی بەر ڕوتەختی دەرەوەی تەنە لەخۆگیراوەکە دەکەوێت).( العبیدی، ١٩٨٧: ٣٣). پاشان لە ڕوانگەی فیساگۆرسیەکانەوە شوێن (بە شێوەیەکی ماتماتیکی، لە ڕێی درێژبونەوەی ئەندازەی تەنەکانەوە (اجسام) لێکدراوەتەوە) (ئیسماعیل، ٢٠٠٩: ٢٨). ئەگەر ڕوو بکەینە سەدەی نوێ و بەتایبەت سەدەی نۆزدە، لە ڕووی بەکارهێنانی هونەریەوە شوێن وەک بنەمایەکی هونەری دەق بەشێوازی جۆراوجۆر لە لایەن نوسەران و ڕەخنەگرانەوە بەکارهێنراوە، هەندێکیان شوێن و کات پێکەوە ناو دەبەن لێکیان جیاناکەنەوە پێیانوایە شوێن و کات وەک عەقڵ و جەستە وان ئەگەر یەکەم نەبێت ئەوا دووەمیش نابێت، بەپێچەوانەوە. یەکێک لەوانە ماتریاڵەکانە، کە کات و شوێن پێکەوە دەبینن و دەڵێن: (کات و شوێن دوو شێوەی سەرەکی گشتگیرن بۆ بوونی ماتریاڵێکی جوڵاو، و جیاناکرێتەوە). (ئەسعەد، ٢٠١١: ٢٢). واتە کات بەبێ شوێن هیچ بونێکی نیيە، دیستۆڤیسکی شوێن دەکاتە ئەڵتەرناتیڤێک و پێوەرێک بۆ کات.(ئیسماعیل، ٢٠٠٩: ٢٨). دیستۆڤیسکیش شوێن لە بری کات بەکاردێنێت مانایەکی گەورەتری لە مانا جوگرافیایەکە پێدەبەخشێت. (عەبدوڵاسەراج)یش ئەم دوو ڕەگەزە بە (جێ کات) ناوی دەبات و دەڵێت: (نابێت کات لە جێ جودا بکەینەوە، هەروەها نابێت ئەو جێکاتە لە کەسایەتیەکان دابڕێن، ئەمە وەک ئەوە وایە، داوا لە کیسەڵ بکرێت، کە قەپیکەلەکەی داماڵێ بێگومان ئەوسا پڕیاری کوشتنی دەدەین) (سەراج، ٢٠٠٧: ٤٨). هاوکات هەندێکی دیکەشیان وەک دوو توخمی جیاواز و سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن . بەو پێیەی شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکی و گرنگەکانی هەر دەقێکی ئەدەبی. دەکرێت بە جیا و سەربەخۆ باسی لێوە بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پەیوەستیەکی زۆریان لەگەڵ کات هەیە.

## بەشی دووەم:

## 1-2 جۆرەکانی شوێن لەئەدەبدا:

لێکۆڵەران و ڕەخنەگران چەندین جۆری شوێنیان لە ئەدەبدا دیاری کردووە ، بە چەند شێوەیەك پۆلێنیان کردووە، بەڵام ئەوەی لای زۆرینەیان دەبینرێت چەند شوێنێکن: وەك:( شوێنی راستەقینە ( واقیعی ) و شوێنی ( گریمانەیی( خەیاڵی) ، شوێنی هۆگر( ئاشنا) و ناهۆگر( نائاشنا) ، ...... هتد. هەندێك لە نوسەران شوێن بەمجۆرە دابەشدەکەن

1-1-2 لە ڕوانگەی هەبوونی شوێنەوە ( شوێنی واقیعی و شوێنی خەیاڵی)
2-1-2 لە ڕوانگەی چەمکی هۆگرییەوە (شوێنی هۆگر و شوێنی ناهۆگر)
3-1-2 لە ڕوانگەی بەکارهێنانی شوێنەوە (شوێنی کراوە و شوێنی داخراو)) (شێخ محەمەد، ٢٠٠٩: ١٣٥). هەر بەم پێیە ئێمە لەم توێژینەوەماندا ئەم جۆرانەی شوێن باسدەکەین لەگەڵ هەندێجۆریتردا.

**2-2 شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن:**

عەباس ساڵح* یەکێکە لەو شاعیرانەی، کەفەلسەفەی شوێن، پانتاییەکی زۆری لەشیعرەکانیدا داگیرکردووە،وەکو خۆی دەڵێت: ((بەکارهێنانی جێگا( شوێن) لەلای من چەند ڕەهەندێکی هەیە، وەك: ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و..هتد. لە ڕەهەندە سیاسیەکەدا ، کە زیاتر لە ژیانی مندا ڕەنگیداوەتەوە، لەو خانووەی کانیسکان کە من بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ تێیدا ژیاوم، چەند سەردەمێکی سیاسیم بینیوە، وەك سەردەمی مەلەکی و سەردەمی کۆماری و سەردەمی عەبدولکەریم قاسم و صەدام حسێن و دواتر، ئەمانەم هەمووی لەو شوێنەدا بینیوە و چەندین ڕووداوی ناخۆشم بەسەرهاتووە وەك: ڕاکردن و شەهید بوونی برایەکم، کە ئەمانە بۆخۆی وەك ڕەهەندێکی سیاسی کاریگەری بەسەرمەوە هەبووە. ڕەهەندی کۆمەڵایەتیش، ئەوەی کە هەندێدابونەریت و عادات و تەقالید هەیە، کە لەو گەڕەکە شەعبییانەدا هەیە بەستوینیەتەوە بەو گەڕەکەوە، کە تائێستا لە ژیانی مندا ڕەنگیداوەتەوە و هەر ماوە.لایەنێکی تریش ڕۆشنبیرییە، کەمن لە خێزانێکی نەخوێنەدەوار لە دایك بووم، بەڵام هەر لە منالییەوە هۆگری خوێندن بووم و بە هەوڵ و تەقەلای خۆم گەشتومەتە ئێرە)) ( چاوپێکەوتنی عەباس ساڵح،٢٠٢١/٨/٣). لەم بەشەماندا زیاتر تیشك دە خەینەسەر چۆنییەتی بەکار هێنان و هەڵسەنگاندنی فەلسەفەی شوێن لەشیعرەکانیدا چۆن و بۆ چ مەبەستێك بەکاری هێناون. ئامادەیی شوێن لە دەقەشیعرییەکانی( عەباس صالح) دا:

**1-2-2 شوێنی سەرەکی:** شوێنی سەرەکی هەموو ئەو شوێنەسەرە کییانەدەگرێتەوەکەبوونێکی بڵاویان هەیەوەك: نیشتیمان، شار، زەوی، ئاسمان،....هتد(زیاد، 2021: 48).

نشتمان وەك شوێن لەدیدی شاعیردا:

**ون بوون**
**کەنیشتمانەکەم داگیر کرا**
**چیاو و دەشت و دارستانم**
**ڕووبار وجۆگەو بارانم...**
**لێ بزر بوو**
**کەنشتمانەکەم ئازاد کرا**
**خوێنی شەهیدان و خۆشەویستەکەم**
**لێ بزر بوو... (ساڵح، 2014: 94).**

واتەشاعیر لەباسی نیشتماندا ، کەنیشتمان شوێنێکی سەرەکییە، دوو دیوی هەیەلەداگیر کردنی نیشتماندا ئاوارەیی و دەربەدەری ڕوو لەشاعیر

دەكات واتەدووركەوتنەوەلەزێدی باو باپیرانی شاعیر بۆیەدەڵێت: دەریاو دەشت و دارستانم لێ بزر بوو، واتەدوور خراینەوەلەزێدمان بەهۆی داگیركارییەوە، لەئازادی نیشتماندا سروشت پێچەوانەدەبێتەوەبەلام تراژیدیا ڕوودەدات، ئەویش خوێنی شەهیدان و پرچی یاری لێ بزر بوو لە نیشتمانی ئازاد كراودا دەڵێت: ئای نیشتمان بۆمن نەبووی بەزێد، لە داگیر گاریدا سروشتتم لەدەستدا لەئازادیدا براكەم و خەڵكی كوردستان و پرچی یارەكەمم تێدا لێ بزر بووە، بۆیەهاوار دەكات لەنیشتمان هاوارێكی ناخ هەژێنەبۆشاعیر. لەدەقێكی تردا چەمكی نیشتمان، كەشوێنێكی سەرەكییە لەلایەك پرسیار لەنیشتمان دەكات لەلایەك هاوار دەكات بۆ نیشتمان، كەپرسیارەكانی بێ وەلامن دەڵێت: شوێنێ نەبوو بۆ گەمە كردن، بۆ پیاسەكردن، بۆ گوێگرتن، بۆ دالدەدان، بەلام شاعیر كەباسی فرمێسكی چاوەخەماوییەكان دەكات واتەهاوار كردن گلەیی كردنەلە نیشتمان دەڵێت: نیشتمان نەیتوانی ببێتەپەناگەیەكی ئارام بۆ ئێمە. لە دەقێكی تردا بۆ چوارەم جار نیشتمان وەك شوێنێكی سەرەكی لای شاعیر بەكارهاتووە، بەلام جیاوازەلەدەقەكانی پێشوو ، لێرەنیشتمانی بردووەتەبەردەم دادگایەك، كەجولاندویەتی لەوەستاوەوەبۆ جولاو، بەمەش دەڵێن لادانەجوانییەكانلەشیعر، كەهەور و ئەستێرەو مێژووی گرتووەبە شاهید بۆ سەلماندنی خۆشەویستی نیشتمان، بۆیەدەڵێت: لەهەموویان بپرسن بزانن ئێمەخیانەتمان لەنیشتمان كردووەیا بپرسن نیشتمان گلەیی لەئێمەهەیەیان نا . واتەتوانیویەتی بەرائەتی خۆی بۆ نیشتمانەی بسەلمێنێت بۆیەچەند شاهیدێكی بۆ هێناوینەتەوە، نیشتمان باگراوەندێكی پیرۆز و موقەدەسی بۆ دروست كردووین لەهزری شاعیردا.

**2-2-2 شوێنی لاوەكی:** واتەئەو شوێنانەكەڕۆڵێكی لاوەكییان هەیە، یان لەڕووی ئەندازەو پانتاییەوەلەشوێنی سەرەكی بچوكترن وەك: كۆلان، شەقام، ماڵ، گەڕەك، كڵێسا، مزگەوت.....هتد.

**تەمەنێكی كەمم ماوەبیبەم بۆ كوێ**
**تەمەن كورت بوو**
**وەكو شەپۆلەكانی دەریا**
**وەكو بەفری سەرچیا تواوەكان**
**وەكو دەنگی بێ نەوایەك كپ كرا....**
**تەمەنێكی كەمم ماوەبڕۆمەوەبۆلای**
**منالەكانی گەڕەك**
**شەڕەبەرد و شەڕەسەگ و شەڕەگەرەك**
**بڕۆمەوەبۆ دەشتاییەكانی ئەوێ**
**بۆ ناو سەوزەگیای ئەوێ**
**بە كۆلانەكاندا بگەڕێم.....** **(سالح، 2014: 6).**

لەم دەقەشیعرییەی شاعیردا: شەپۆلی دەریا، بەفری چیا، گەڕەك، كۆلان، شاعیر لەم شیعرەدا چەند شوێنێكی لاوەكی و جێگیر و ترسناك و كراوەی بەیەكدا كردووە، شاعیر هاتوەتەمەنی خۆی شوبهاندووەبەم جۆرەشوێنانە شەپۆلی دەریا و بەفری تواوەی سەر چیاكان، واتەتەمەنی من هێندەكەمی

ماوەوەك شەپۆلی دەریا وایەوەك بەفری تواوەی سەر چیاكان وایە، بەڵام دواتر دەمانباتەوەبۆ شوێنێكی لاوەكی مێژووی كەگەڕەك و كۆڵانەكانە، مەبەستی شاعیر لەو تەمەنەكەمەیەتی كەماوەدەڵێ بم بەنەوەبۆ ئەو شوێنە قەدیمەمێژووییەی كەتێیدا گەورەبووم ئەویش گەڕەك و كۆڵانەكانەئەمانەدە بنەشوێنێكی لاوەكی مێژووی بۆ شاعیر. لەشوێنی لاوەكی و سەرەكیدا **مرۆڤ بەپێ ئەو دەسەڵاتەی كەبەسەر شوێندا هەیەتی، جۆرەكانی بەم شێوەیەی خوارەوەڕێكخستووە:**

**1-2-2-2 (شوێن لای من:** دەكرێت شوێنی تایبەتی خودیش بێت، ئەو شوێنەیەكەدەسەڵاتی خۆم تیایدا ڕەهایە.

**هەناسە:**

**دمرم و چ یادێ جێ دێلم تۆ نەبێ**
**دەمرم و لەدوای تۆ...**
**ژوورەكەم جێدێلم...**
**درەختی حەوشەكەو جریوەی چۆلەكەو**
**شوێن ماچی تەزوویم جێدێلم....**
**(ساڵح، 2014: 70).**

لەم دەقەی شاعیردا دەتوانین بڵێین دەسەڵات تیایدا ڕەهایەواتە ئاماژەی بەشوێنێكی لاوەكی داخراوی وەستاو كردووەكەئەویش( ژوورەكەیەتی) شاعیر لەژوورەكەی خۆیدا هەموو دەسەڵاتێكی ڕەهای هەبووە، دەڵێت لەدوای تۆ هەرچیم هەبێت لەدەستی دەدەم تەنانەت ئەو شوێنەی كەهەموو دەسەڵاتێكیشم تیایدا هەیەئەویش ژوورەكەی خۆمە،بۆیەهەموو خۆ شیو ناخۆشیەكی بەستوەتەوەبە یارەوەڕەنگەگریمانەبێت لای شاعیر، یان جگەرگۆشەكەیەتی كەلەدەستی داوەدەڵێت: لەدوای تۆ من بوونم نییەواتەبەبوونی تۆ من هەم، بۆیەدەڵێ دەمرم و كێ هەیەبۆم بگری تۆ نەبێ.

**2-2-2-2 شوێن لای كەسانی تر:** لەهەموو ڕوویەكەوە لە یەكەم دەچێت بەڵام دەسەڵاتی من تیایدا لاوازە، دەبێت ملكەچی ئەو دەسەڵاتەبم كەتیایدا فەرمان دەكات. شاعیر دەڵێت:

**بەگەورەیی فێری عیشق بووم**
**كەویستی چەند ژنێ بهێنێ، نەیتوانی**
**كەویستی چەند حەجێ بكات نەیتوانی**
**لەخانوەدار و خاوەكەی كانێسكاندا**
**دایكێكم بۆ ماوەتەوە**
**كەویستی باوكم زاڵم نەبێت نەیتوانی**
**كەویستی كوڕەكەی شەهید نەبێت نەیتوانی**
**كەویستی بەدرێژایی ڕۆژگار**
**ڕەشپۆش، نەبێ نەیتوانی....**
**(ساڵح، 2014: 22).**

لەم دەقەشیعرییەدا شاعیر ناوی چەند شوێنێكی بردووە، كەدەسەڵات تیایدا لاوازە، بۆ نمونە(حەج، كەشوێنێكی كراوەی وەستاوە، خانوەدارەكە شوێنێكی وەستاوی داخراوە) لێرەدا شاعیر شوێنەكان بۆ مەبەستێك بەكار

دەهێنێت کەدەسەڵات تیایدا لاوازەئەمەلادانەجوانییەکانەلەشیعر، بۆ نمونە حەج کەواتاو مەدلول و جەوهەرێکی قوڵی هەیەلەدیدی موسڵماندا، بەڵام شاعیر هیچ دەسەڵاتێکی نەبووەچەند حەجێ بکات، ئەگەر بەگریکمانەش بڵێین ڕۆشتبا بۆ حەج بەهەمان شێوە دەسەڵاتی ڕەهای نەدەبوو بەرامبەر بەسایاو پرۆتۆکۆڵی ڕێنماییەکانی حەج بۆ ڕازیکردنی خوای گەورەلەخودی خۆی، بۆیەدەسەڵاتی تاکەکەس تیایدا لاوازە، بەهەمان شێوەشاعیر باسی خانوەکەی کانێسکان دەکات کەدەڵێت: دایکێکم بۆ ماوەتەوەنە یتوانی باوکم ڕازی بکات نەیتوانی وابکات کورەکەی شەهید نەبێت بۆیەلەم خانوەشدا بەهەمان شێوەدایکی نەیتوانی دەسەڵاتی تەواوی هەبێت بە سەر باوکیدا.

**3-2-2-2 شوێنەگشتییەکان:** ئەو شوێنانەن کەموڵکی تاکەکەس نین، بەڵکو لەژێر فەرمانی دەوڵەتن.

**بۆنی یار...**
**سەرسام دەبووم خودایە**
**مەگەر بۆنی تۆ هێندەخۆشبێت**
**ئێستاش کەدەچمەوەناو هەر گوڵزارێکەوە**
**لەهەر سەیرانگاو باخچەیەکدا**
**لەکەنار هەر جۆگەو ئاوێکدا**
**بۆنی تۆ یەت....**
**لەهەر ئاهەنگێکدا**
**لەهەر بۆنەیەکدا.... (ساڵح، 2014: 146).**

لەم دەقەشیعرییەدا، سەیرانگاو باخچەکەشوێنێکی گشتین و موڵکی تاکە کەسنین و موڵکی دەوڵەتن، شوێنێکی کراوەو وەستاون شاعیر بۆ زۆر مە بەست بەکاریان دەهێنێت لێرەدا شاعیر بەخەیاڵی یار و خۆشەویستەکەی جاهەر کەسێك بێت پەنا دەبات بۆ باخچەو سەیرانگاکان، دەڵێت: بۆنی تۆم بۆ دێت، واتەبۆنی یار هێندەخۆشبووەکەدەچێتەئەو شوێنانەیەکسەر بەخە یاڵی یارەوەکاتەکان بەسەر دەبات، ئەو شوێنانەش لێرەدا دەبنەشوێنێکی کراوەو وەستاو موڵکی دەوڵەت. بۆیەشاعیر لەدەقێکی تردا بەهەمان شێوە ی سەرەوەئاماژەبەشوێنێکی گشتی دەدات ئەویش( باخچەگشتییەکان)ە واتای شوێنی گشتی و موڵکی دەوڵەت دەگەیەنێت لای شاعیر (مە وقیفی پاسەکان) بەهەمان شێوەشوێنێکی وەستاو و کراوەو گشتییەلای شاعیر ئاماژەی پێدەکات، (ساڵح، 2014: 167-168).

**4-2-2-2 شوێنەبێکۆتاییەکان:** ئەو شوێنانەن کەبەگشتی کەسیان تێدا نییەکەمرۆڤ دەسەڵاتی بەسەریدا نییە، لەتواناو سنوری مرۆڤ بەدەرە، وەك ئەستێرەو ئاسمان و خۆر و مانگ).( عوسمان،2009: 17).

**مەستی:**
**ئەوەی دالدەی ئێمەی دەدا**
**حزووری مەستی بوو**
**مەستی بوو لەگەڵ باڵندەدا**

**لەشەقەی باڵمان ئەدا**
**لەگەڵ ئەستێرەکانی ئاسماندا**
**ئاوێزانی یەکدی دەبووین**
**مەستی بوو دەیبردینەوەبۆ ناو خەونەخۆشەکان**
**مەستی بوو نەیدەهێشت پەرەوازەبین.**
**(ساڵح، 2014، 114).**

لەم دەقەشیعرییەی شاعیردا هەموونامۆییەکانی ژیانی لەڕێگەی مەستیە وەچارەسەرکردووە، هەتا شاعیر گەشتوەتەئەو ئاستەی کەدو شوێنی لاوە کی بێکۆتاییەکانی لەڕێگەی مەستی بوونییەوەبەکارهێناوە، ئەوانیش( ئە ستێرەو ئاسمانن) واتەئەم دوو شوێنەلەتواناو سنوری مرۆڤ بەدەرن، واتە مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نییە، بەڵام شاعیر لەڕێگەی وێنەیە کی خەیاڵی مەستی یەوەدەلێت: لەگەڵ ئەستێرەکانی ئاسماندا ئاوێزانی یەکتر دەبووینەوەواتەلەشەوق و درەوشاویدا شۆردەبوینەوە، بۆیەجارێکی تر دەڵێت مەستی بوو دەیبردینەوەبۆ ناوخەونەخۆشەکان بۆیەشۆربوونەوەی لەگەڵ ئەستێرەکان بەهەمان شێوەی خەونەخۆشەکان وابووە، شاعیر دە ڵێت: تەنها مەستی بووەهێشتونیەتیەوەنەی هێشتووەپەراوێز ببین.

**2-1-1 شوێنی ڕاستەقینە:**

ئەو شوێنەیە کە لە ڕاستیدا هەیە و هەندێك لە نوسەران شوێنی واقیعی پێدەڵێن و هەروەها لێکۆڵەرێك پێی وایە (زاراوەی واقیعی دروستترە، هەرچەندە عەرەبییە، چونکە زاراوەی ڕاستەقینە بەرامبەر زاراوەی (حقیقی)یە، بۆیە هەر زاراوەی واقیع بەکاردێنێت و پێی وایە لەزمانی کوردیدا بەرامبەری نییە و هەر ئاوا ڕۆشتووە ، هەربۆیە واقیع گونجاوترە بۆ ئەو شوێنەی لەسەر ئەرزی واقیع هەیە)). (ئەسعەد ،٢٠١١: 14). سەبارەت بە پێناسەی ئەم جۆرە شوێنە دەتوانین بڵێین:(( ئەو شوێنە ئەندازەییە دەگرێتەوە کە بەهۆی بینینەوە وەسفێکی ووردی دووریەکانی دەرەوەی دەکرێت، واتە کاتێك شوێن دەبێتە کۆمەڵێك ڕەنگ و ڕوو ، کە چاو یەکەیەکە هەڵیان دەقۆزێتەوەو هەوڵنادات دیمەنێکی هەمەلایەنی لێدروست بکات. جا ئەو شوێنە ئەندازەییە تەنها بریتی نایێت لەو دووریانەی لە دەرەوە دەتوانرێت دیاری بکرێن ، بەڵکو شێوەیەکی ئاڵۆزتر وەردەگرن لەو شێوە سادەیەی لە واقیعدا دەبینرین)). (سابیر، ٢٠٠١: ٣٢٦).

**سلێمانی:**
**سلێمانی بەشەو....**
**کیژۆڵەیەکی دەستەمۆیەو**
**دەست دەکاتەملی عاشقانی**
**ماچی خۆشەویستی دەبەخشێتەوەو**
**دڵی پڕەلەمیهرەبانی.... (ساڵح، 2014: 137).**

لەم دەقەشیعرییەدا سلێمانی کەشاعیر ئاماژەی پێکردووەوەك: شوێن(سلێمانی)بووەبەشوێنێکی واقیعی و راستەقینە، بۆیەشاعیر وێنەیە کی جوان و ڕاستەقینەبۆ سلێمانی دەکێشێت، دەڵێت سلێمانی مهرەبانە، کیژۆڵەیەکی دەستەمۆیە، دەست دەکاتەملی عاشقانی واتەهێندەمیهرە بان و پەری ئاسایەماچی خۆشەویستی دەبەخشێتەوە، بۆیەلەمێژەوا

فێربووەقـەت نانـەوێ، خـۆش بـەختـی، میهـرەبـانی، جـوانی، بـەخشــندە، خۆڕاگری، کیژۆڵە، واتەسلێمانی.

**بەرد باران:**

**خۆشەویستی وەك ژیانم**
**جوانی وەك شیعرەکانم**
**پیرۆزی وەك کوردستانم.... (ساڵح، 2014: 92).**

لەم دەقە شـعرییەی شـاعیردا ئامـاژەبـەشـوێنێکی ڕاسـتەقینـەو دروسـت کراوەو وەستاو دەدات ئەویش(کوردستانە) واتە کوردستان کراوەیەبۆ هەموو نەتەوەیەك،شاعیر خۆشەویستی و جوانی و پیرۆزی کوردستانی تێکەڵ بە یەك کردووە، بۆیەکوردستان لای شاعیر شوێنێکی حەقیقی و ڕاسـتەقینـە یە، بەشوێنێکی پیرۆز وەصفی دەکات، واتەتوانیویەتـی ڕاسـتی کوردسـتان بسەلمێنێت کەهەیەو پیرۆزە.

**2-1-2 شوێنی هۆگر (ئاشنا) :**

ئەم شــوێنە شــاعیر پەیوەنـدییەکی دۆســتانەی لەگەڵـدا دەبێـت و (( ئەو شوێنەیە کە وەك سندوقێك، یادگار و هەست و خەیاڵی مرۆڤ و شاعیری تێدا دەپارێزرێت و تا کۆتایی تەمەنیش کـاریگەریی بەسـەر ئەو کەسـانەوە دەبێــت کە تێیــدا ژیــاون)). (مەحمــود، ٢٠١٧:١٥٠). شــوێنی هــۆگر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت هەربۆیە دەکرێـت بڵێـین (( هەسـتکردن بە هۆگری و ناهۆگری جێگایەك بە شێوەیەکی ڕێـژەییە، ڕەنـگە ئەو شـوێنە بـۆ کەسـێك هـۆگر بێـت و لە بەرامبەریـدا بـۆ یەکێکـی دیـکە نـاهۆگر و نەویستبێت، شوێنی هۆگر پەیوەندی بەباری ئاسایی و نائاسایی دەروونی مرۆڤەکـانەوە هەیە ، زۆرجـار مـرۆڤ هـۆگری شـوێنێك دەبێـت ، کە بەلای کەسانی دیکەوە نەویسـت و نـاحەزە، کەچـی کەسـی هـۆگر بەو شـوێنە تیایدا هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەکات)). (ئیبراهیم ، ٢٠٢١: ٦٣).

**کانێسکان:**
**ئەگەڕێمەوەبۆ لای تۆ**
**بەدڵێکی پڕ حوزن و**
**دوو چاوی پڕ لەماتەوە**
**تۆ گەورەت کردم**
**لەژێر سێبەری درەختەکانی تۆدا**
**من هەناسەم دا....**
**گمەی کۆتری سەر گومەزەکان و**
**جریوەی چۆلەکەی گوێسەبانەکان**
**فێریان کردم،**
**تۆم خۆش بوێ**
**تۆ جوانترین کۆرپەی سلێمانی و**
**شادێری شعری نالی**
**تۆ ئەی کانێسکان**
**ئەگەڕێمەوەبۆلای تۆ**
**دێمەوەبۆلای کۆڵانەتەنگەبەرەکانی تۆ**

**سەربانەنزمەکانی تۆ**
**کەبەمنداڵی شوێن نەما پەی پێ نەبەم...... (ساڵح، 2014: 11-12).**

شاعیر لەچەند دەقێکدا بەڕوونی شوێنی هۆگری بۆ دەستنیشان کردووین(کانێسکان، سەر گومەزەکان، گوێسەبانەکان، کۆڵانەتەنگەبەرەکان، سەربانەنزمەکان، کۆڵانەتاریکەکان، کەلاوەقورەکەی جاران، ژێرخانەفێنکەکە، کۆڵانەکانی شار، بن بانەکان، دیوارەنزمەکان، تاریکی کەلاوەکانی کانێسکان، سەرجادەکان....) هەموو ئەم شوێنانەلای شاعیر بەشوێنێکی هۆگر ناوی بردوون و ئەبنەشوێنێکی مێژووی پڕ یادگاری بۆ شاعیر، هەمیشەهاوار دەکات دەڵێت: بمبەنەوەبۆ ئەو شوێنەکراوەپیرۆزە مێژوو یانەی کەپڕیەتی لەیادگاریەجوانەکانی منداڵی شاعیر، ((کانێسکان زێدی لەدایکبوونمە و بەدرێژایی پەنجا ساڵی تەمەنم لەوێژیاوم و کاریگەری زۆربووە لەسەرم)).( چاوپێکەوتنی عەباس ساڵح، ٢٠٢١/٨/٣). بۆیەزۆر ترین شوێنی هۆگری لەدیوانەکەیدا بەکارهاتووەکەئەم شوێنانەشوێنی مێژووی لای شاعیر پیشان دەدەن، واتەشاعیر زیاتر حەزی بەمنداڵی خۆی کردووە کەبگەڕێتەوەبۆ ئەو تەمەنەمنداڵییەی، سەرەڕای ئەوەی شاعیر لەتەمەنی منداڵیدا لەچەند دەقێکدا ئاماژەمان پێکردووەکەمنداڵی وەك زیندان و بەندیخانەو قەفەزەکان بووە، بەڵام ئێستاش کەتەمەنی هەڵکشاوەهاوار دەکات کەبمبەنەوەبۆ یادگارییەمێژوویەپیرۆزەکانم، بۆیەهەموو ئەم شوێنانە لای شاعیر شوێنێکی هۆگر و ئارام بەخشن بۆی. ئەم شوێنە جێگای لەدایکبوون یان ئەو گەڕەکە دەگرێتەوە کە خێزانەکەی تێدا دەژی و ژیاوەزۆر جار شوێنی ڕەسەنیشی پێدەگوترێت.

**3-1-2 شوێنی ناهۆگر (نائاشنا):**

ئەم شوێنە نائاشنا یان دژە شوێنیشی پێدەڵێن، ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ پێی ئاشنا نییە و خۆشی لێنایەت (( ئەو شوێنانە یان ئەوەتا مرۆڤ بە ناچاری تێیدا دەژی وەك بەندینخانە و مەنفا و بیابان ، بێگومان مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ شوێن و دەوروبەر دروست دەکات، بەڵام هەموو شوێنەکانی وەك یەك خۆشناوێت، زۆرجار کەسێك لە شوێنێك تووشی کارەسات و ناخۆشییەك دێت ئەو شوێنەی لە بەرچاو دەکەوێت، چونکە یادگارییە تاڵەکان پەیوەستن بەو شوێنەوە، یان شوێنێکە ڕووداوی سروشتی تیایدا رووی دابێ، ئەمەش لە کێشەیەکەوە بۆ کێشەیەکی دیکە دەگۆڕێت)). (موفتی، ٢٠١٢: ١٣٨). لە ناو کورددا چەندین کارەساتمان هەیە وەکو کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال کە بوونەتە هۆی دروستبوونی شوێنی ناهۆگر بۆ مرۆڤ. هەر سەبارەت بەمجۆرە شوێنە سەباح ئیسماعیل لە کتێبی چەمك و ئیستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا بە دژە شوێن ناوی دەبات و دەڵێت:(( هەندێ‌شوێن هەن مرۆڤ لە بەرامبەریاندا هەست بەهیچ هۆگرییەك ناکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە دوژمنداری دەکات، ئەم جۆرە شوێنانەش یا مرۆڤ بە ناچاری تێیاندا دەژی، وەك بەندیخانە و گرتووخانە و دوورخراوگەکان، یانیش مەترسی مردنیان تێدا دەبینێتەوە ، وەکو بیابان)). (ئیسماعیل، ٢٠٠٩: ٤٦).

**مەیزەدە**

**تامی شتەخۆشەکانی منداڵیمان نەکرد**
**نەمانزانی دنیایەك هەیەپڕی جوانیە**
**ئێمەمناڵیمان بو بوو بەبەندیخانە**
**لەناویدا حەکم دراین**
**حوکم دراین بەئیشی قورس**
**ئەوەچ مناڵیەك بوو**
**نەتێر لەباوەشی دایکمانخەوین**
**نەسۆز و ڕەحمەتی باوکمان دی**
**منداڵێك بووین نەمان زانی**
**خۆشەویستی چیە**
**وەکو تەیری ناو قەفەز**
**هەرچاوەڕوانی کردنەوەی**
**دەرگای بەندیخانەبین..... (ساڵح، 2014: 177)**.

لەم دەقەشعرییەی شاعیردا ئاماژەی بەدوو شوێنی ناهۆگری داخراو کردووەکەمرۆڤ هیچ کات هەست بەئاسودەی ناکات واتەهەست بەهۆگر بوون ناکات، لەم شوێنانەدا ئەوانیش ( بەندیخانە، قەفەز) . ئاماژەکردنی شاعیر بەم دوو شوێنەجۆرێکەلەڕەشبینی شاعیر نا ئارامی، کەگلەیی لە منداڵی خۆی دەکات و دەڵێ نەمانزانی ژیان چییەنەمانزانی خۆشەویستی چییە، واتەهێندەمنداڵیمان خراپ بووەوێنەی ژیانی منداڵی شوبهاندووەبەبە ندیخانە و دەڵێت: تیایدا حوکم دراین، ئەوەچ منداڵیەك بوو نەمانزانی سۆزی باوك و دایك چی یە، لەشوێنێکی تردا وێنەی منداڵی شوبهاندوەبەو تەیرە ی ناو قەفەز کەهەمیشەعەوداڵبووەبۆ ئازادی و سەربەستی و خۆشە ویستی، واتەلەڕووی چەمك و شوێنەوەبەندیخانەو قەفەز دوو شوێنی ناهۆگر و داخراون.

**4-1-2 شوێنی کراوە:**

شوێنی گشتیشی پێدەوترێت (( ئەو شوێنانەن کە بە ئارەزوو و ئازادی پێیدا دێن و دەچن. وەك شەقام ، دارستان ، باخچە)). (مەحمود، ٢٠١٧: ١٤٩). ئەم شوێنانە تایبەت کراو بە کەسێك و دوان نییە بەڵکو (تایبەتە بە هەموو کەس و ئەو شوێنانە ، کە لە شوێنە دەرەکییەکان پێکدێت ، ئەم جۆرە شوێنانەش تایبەت بە کەسێك یان چەند کەسێکی دیاریکراو نییە و هەموو کەسێك توانای بەکارهێنانیانی هەیە و لەبەردەم کەسەکاندا کراوەیە) .( موفتی، ٢٠١٢: ١٤٨).

**تەمەنێکی کەمم ماوەبیبەم بۆ کوێ:**
**تەمەنێکی کەمم ماوەبیبەم بۆ کوێ**
**بیبەم لەدارستانێکدا بەریدەم**
**ببێ بەهاوڕێی گوڵ و وەنەوشە**
**ببێ بەهاوڕێی بولبول و قومری**
**ببێ بەهاوڕیی گەڵاسەوزەکانی دارستان... (ساڵح، 2014: 5).**

لەم دەقەیدا شاعیر وشەی (دارستان)ی بەواتای شوێنێکی کراوەی ترسناك بەکار هێناوە، شاعیر لەهەردوو چەمکەکەوەسەیری دارستان دە کات، لەدیدی یەکەمدا دەڵێت تەمەنێکی کەمم ماوەبیبەم لەدارستان بە

ریدەم واتەبپێتەنێچیری ڕاوکەرانی دارستان لێرەدا دەبێتەشوێنێکی ترسناك، لەدیدی دووەمدا شاعیر دەڵێت: ببێتەهاوڕێی گوڵ و وەنەوشە و بولبول و قومری ، لەدارستاندا گوڵ و وەنەوشەکەمن، بۆیەلێرەدا دارستان دەبێتە ناوێکی خوازەبۆ سەوزایی و پارکێك یان باخچەیەک، لێرەدا دەبێتەشوێنێکی کراوەی ئارامبەخش دەڵێت ببەبەهاوڕێی گوڵ و گەڵا سەوزەکانی دارستان.

**5-1-2 شوێنی داخراو:**

هەندێجار پێیدەوترێت شوێنی تایبەت، کە (( شوێنێکی دیاریکراوە و تایبەتە بە کەسایەتییەك یان چەند کەسایەتییەك، وەك (ماڵ ، ژوور،...) واتە شوێنی داخراو ئەو شوێنەیە کەدەسەڵاتی خودی تێدا بەگەڕدەخات ، هۆگرە و لە ژێر رکێفی تاکدایە)). (خدر، ٢٠١٢:٢١٤). هەروەها لێکۆڵەرێك سەبارەت بە شوێنی داخراو دەڵێت: (( شوێنی تایبەتی یاخود کەسی ئەوجۆرە شوێنانەن ، کە مۆرکێکی داخراو و تایبەتیان پێوەیە، بەکارهێنانیان تایبەتە بەخاوەنی خۆیان و لە ژێر یاسا و ڕێسای کەسێکی تایبەتدان، سنوری دەسەڵاتی تاك تیایاندا زاڵە)). (ئیبراهیم، ٢٠٢١: ٥٦-٥٧). ئاماژەکانی ئەم پێناسەیە وادەردەخەن ، کە ئەو شوێنە زیاتر ژوورێکی کەسی یان گۆڕ بێت ، کە تایبەتە بە یەك کەس، بەڵام لە راستیدا شوێنی تایبەت ئەشێت ماڵ بێت و تایبەت بێت بە چەند کەسێك یان خێزانێك هەندێجار چەند خێزانێکیش.

**حاجی ساڵح:**
**حاجی ساڵحگومەزێ بوو لەڕووناکی**
**ماڵەکەی بۆنی خودا و سۆزی لێدەهات**
**تریفەی چاوەکانی**
**پڕی لەتیشکی خۆشەویستی بوو**
**حاجی ساڵح ماڵەکەی میحراب و**
**پڕ بەرماڵی ڕوو لەخوابوو**
**وێردی سەر زمانی ئەڤین بوو**
**لەگەڵ خودای خۆیدا**
**لەدامێنی حاجی ساڵح دا**
**ژنی بەهێمنی دەگریا**
**دەگریا بۆ مەرگی قارەمانێ**
**ئەویش کەمالی مهندیس بوو.... (ساڵح، 2014: 154).**

لەم دەقانەی شاعیردا چەند شوێنێکی داخراو و تایبەت بەکەسایەتی شاعیرمان بۆ دەردەخات لەوانە( ماڵەکەی حاجی ساڵح، ماڵەکەی میحرابوو، گریانەکەی دایکم، بەرماڵەکەی باوکم، باوەشی دایك، ئەم ماڵەم خۆش دەوێت، لەم ماڵەدا گەورەبووم، ئەم ماڵەدەبێتەپەرستگا، دەبێتە گۆڕستان) ، شاعیر لێرەدا کەچەند جارێك ماڵی دوبارەکردووەتەوەکە شوێنێکی داخراوی وەستاوەزۆرجار پیرۆزبووە، بۆیەماڵی باوکی ئەو ماڵەی کەتێیدا گەورەبووە،ئەو ماڵەی کەمەرگی باوك و دایکی تێدا بینیوە،ئەو ماڵەی کەکورەگەنجەکەی لەوێوەسەفەری هاندەرانی هەڵبژارد و بۆ هەتا ەتایە نەگەڕایەوە،لەدەریای ئیجەدا ڕۆحی کردەقوربانی ماسییەکانی دەریا، بۆیە ئەو ماڵەچەند وێنەیەکی تراژیدی و دوالیزمی تراژیدی هەیەلای شاعیر،

چونکە مەرگی کەسەخۆشەویستەکانی لەو ماڵەدا بووە، هەر لەدیدی شاعیردا ئەو ماڵەدەبێتەشوێنی میحراب و عیبادەت و پەرستگا، کەدیوێکی تاڕادەیەك عیرفانی دەنوێنێت، بۆیەزۆرجار ئەم شوێنەداخراوانەش لەشێوەی گۆڕدا خۆیان نیشاندەدەن.

جگە لەم پێنج جۆرە شوێنە چەندین جۆری تری شوێنمان هەیە، کە ئێمە لێرەدا تەنیا ئاماژە بە شوێنی جوڵاو دەکەین:

### 3-2 شوێنی جوڵاو:

یەکێکی دیکەلەپۆلێنەکانی شوێن لەدەقەکانی شاعیردا زۆر بەڕوونی ڕە نگی داوەتەوەو ئامادەییەکی فراوانی هەیەلەدەقە شیعرییەکانیدا، ئەویش شوێنی جوڵاوە. ئەم شوێنانەزۆر جار دێنەبەرچاو کەشوێنی چەسپاویان نییەواتەجوڵاون، شاعیر ڕووداوەکانی تێدا دەجوڵێنێت، (شوێنی جوڵاو ئەو شوێنانەدەگرێتەوەجوڵاون واتەچەسپاو نین، هەمیشەلەجوڵاندان).( ڕەئوف 2012: 103).

**گوڵەپەمەییەکانی ڕۆح**
**ئەو پەنجەرەیەواڵاکە**
**نیوەشەوێ رۆحێ دەفڕێ**
**خۆی دەهاوێتەژوورەکەت**
**ئەوەڕۆحی سەرهەڵگرتووی منە**
**ڕووبارێکی ماندوو شەکەت و بێ منە...**
**گەڵا پایزەکان**
**وەك ڕۆحی من دەوەرێن**
**کەسێ کۆیان ناکاتەوە**
**کەسێ لێیان ناپرسێ**
**با دەیان بات و دەیانکاتەدەریاوە**
**گەڵا پایزەکان ناگەڕێنەوە**
**ڕۆحی منیش ناگەڕێتەوە.... (ساڵح، 2014: 62،).**

لەم دەقانەی شاعیردا چەند شوێنێکی جوڵاوی کراوەو ترسناکی بۆ دروست کردووین وەك( دەریای ئیجە، ڕووبار، دەریا، دەریای دڵی من، دە ریایەکی شینی کاڵ، گۆمی پڕ) ئەم هەموو بەکارهێنانی چەمکی دەریا یان ڕووبار لای شاعیر باگراوەندێکی تراژیدی هەیە، ئەمانەدەبنەشوێنێکی جوڵاوی کراوەو هەندێجار وەستاو وەك گۆم. یەکێک لەو هۆکارانەی شاعیر ئەم دیوانەی بۆ نوسیوە ئەو ئازارەیە ، کە دەریا پێیچەشتووە هەروەک: خۆی دەڵێت: ((ئەم دیوانەم بۆ چەند بابەتێك نوسیوە، یەکێکیان لە چەند شیعرێکدا ئاماژەم پێداوە، بە تایبەت لە شیعری گەڕانەوە بۆ کانێسکان، بۆ کورێکمم نووسیوە، کە ساڵی(٢٠٠٣ ) لە دەریای ئیجەدا خنکاوە، هەر بۆیە دەریا بە ترسناك ئەبینم، ئەو ڕووداوە بۆتە هۆی لەدایکبوونی کۆمەڵێك شیعر، کە جۆرێکی نوێی لاواندنەوە لە شیعری مندا بێتە کایەوە، جیاواز لەو شاعیرانەی کە پێشتر شیعری لاواندنەوەیان نوسیوە، وەك: ( مەولەوی و گۆران و حەسیب قەرەداغی)، تەنانەت ئەم شێوازە لە لاواندنەوە بووە هۆی ئەوەی، کە بەشێك لە ڕەخنەگران ڕەخنەی ئەوە لەمن بگرن، کە شێوازیترم پەیڕەوکردووە لە لاواندنەوە، هەروەها یەکێك لە لێکۆڵەران لە

کتێبەکەیدا باسی بەرجەستەکردنی ڕۆح دەکات لە شیعری من و گۆراندا)). ( چاوپێکەوتنی عەباس ساڵح، ٢٠٢١/٨/٣). لەدیدی شاعیردا واهاتووەکە شوێنێکی ترسناك، کوشندە، مەرگ ئامێز، بێ باك، لەدەسدانی کورە چاوگەشەگەی، بردنی هەموو حەزو ئاواتەکانی دوونیا، بێ ئەمەل بوون لە ژیان، شەپۆلەکان مەرگ ئامێزبوون، زۆر جار دڵی کردووەبەدەریا دەڵێت خەم تێپرژاوە. واتەلەدیدی شاعیردا خۆشبەختی نییەلەدەریادا، بۆیەشاعیر بە رامبەر بەدەریا هەمیشەڕەشبینە، چونکەبوەتە هۆی لەدەستانی ئازیزترین کەسی لەخێزانەکەیدا.

**ئەنجام:**

## لەکۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەشتینەئەو ئەنجامەی کە:

1- شوێن گرنگی و تایبەتمەندی و قورسایی شعری لەهونەری کوردیدا هەیە، لەگرنگی و پێکهاتە و پێکهێنەرەکانیتری شیعر کەمتر نییە.

2- ئەدەبیاتی کوردی بەتایبەت شیعر وەك شیعری میللەتانی تر لە شوێن بێبەش نییە، بەڵکو بووەبەژانرێکی سەرەکی، هەروەها شوێن دەبێتەفاکتەرێکی سەرەکی لەشیعردا بۆ فراوانکردن و کردنەوەی خە یاڵ و هزری شاعیر، بەتایبەتی لایەنی تراژیدی و پارانەوەو ڕەشبینی دەریا، هاوارکردن لای عباس سالح زۆر بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

3- لەم دەقانەی شاعیردا نمونەی نوێگەری جوانی تێدابووە، لەوانە شاعیر توانیویەتی نیشتمان وەك تاوانبارێك بجوڵێنێت و بیباتەبەردەم دادگا. واتەلەشوێنێکی وەستاوەوەبیکاتەشوێنێکی جوڵاو، شوێن لێرە دا دەلالەتی جۆراوجۆری هەیەلای عباس ساڵح، وەك مەودای تراژیدی، هاوار، مێژووی، سیاسی، مەرگ ئامێز، بێ باکی دەریا، هەروەها کانێسکان و کۆڵانەکان قورەکان پیرۆزبوون لای شاعیر، ئە مانەهەموویان دەبنەهۆکاری دەوڵەمەندی و پانتایی نوێبوونەوەی شوێن لەدەقەئەدەبییەکانیدا.

* کورتەیەك لەسەر ژیانی عەباس ساڵح:(( ساڵی ١٩٥٦ لە سلێمانی لە گەڕەکی کانێسکان لەدایکبووم، سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییم لە سلێمانی خوێندووە، بەشی کوردیم لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە. ساڵی(٢٠٠٠-٢٠٠١ ) بڕوانامەی ماستەرم هەر لە زانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوە و نامەی ماستەرەکەم بە ناونیشانی (ژیان و بەرهەمی سەفوەت) هەروەها ساڵی(٢٠٠٧ ) بڕوانامەی دکتۆرام بەدەستهێناوە، تێزەکەم بەناونیشانی(فێمێنیزم لە شیعری کوردیدا کرمانجی خوواروو).(چاوپێکەوتنی عەباس ساڵح، ٢٠٢١/٨/٣). هەروەها شاعیر چەندین ساڵ لە ڕێگەی پەروەردە و ڕێگەیاندنەوە خزمەتی بە فێرخوازان کردووە، وەك مامۆستای زانکۆ و تائێستاش بەردەوامە لە وانەوتنەوە لە بەشی زمانی کوردی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی. شاعیر خاوەنی چەندین بەرهەمی جوان و ناوازەیە لە دیوانە شیعر و کتێب کە ئەوانیش: (( دیوانە شیعری (گوڵە پەمەییەکانی ڕۆح، تەنیایم لە تنۆکی باران دەچێ،

ئەندێشەکانی شەو)، پەخشانە شیعری(ڕاز) هەروەها چەند کتێبێکی لێکۆڵینەوەش وەك(ڤێمێنیزم لە شیعری کوردیدا کرمانجی خواروو، ڕاقەی دەق)، جگە لەمانە چەند بەرهەمێکیترم ئامادەیە، بەڵام تا ئێستا چاپم نەکردوون )) (چاوپێکەوتنی عەباس ساڵح، ٢٠٢١/٨/٣).


**Listy Sarchawakan:**

**Ktebekan:**

-Tanya asiad ,2011, *benay Shwen la dw nmwney romany kwrdyda* (hylana,ajdyha) , Chpy1, dezgay Chap u paxshe sardam, slaemane.

-Alwane najm(d) *se lykolynewey raxney shekary labarey romane kwrdyewa*, chapy 1, chapxanay aras, hawler.

-Esmail, sabah, 2009 , *chamk u estatykae shwen le adebda*, chapy1, dezgay chap u blawkrawey aras, hawler.

-Hsen,haval abwbakr(d), *chashna adabe u rojname nwsyekan u rang danawayan la (zyan u zen) da*, chapy1, chapxanae shvan slemany.

-Xdr, rezan rehman, 2012, *takneke geranewa la romanakany abdwlla saraj da*, chapy1, chapxanae rojhalat, hawler.

-Rauwf, luqman, 2012, *rahande shwenkat la daqa walakane sherko bekasda*, chapy1, chapxanae kamal, slemane.

-Saber, parez. *bynay hunery le chyroky kwrdyda la saretawe ta kotay jangy dwame cyhany*, Chpy1, dezgay Chap u paxshe sardam, slaemane.

-Salh, abas, 2013, *tenyaym le tnoky baran echyt, dywene sheir*, chapxaney aro slemane.

-Saraj, abdulla, 2007, *barew astanae roman u gosha nigakan* Chpy1, dezgay Chap u paxshe sardam, slaemane.

-Shex Mohamad, sangar qadr, 2009, *benay geranawa la dastany ahmady xane u romane share moseqara spyakany baxtyar alida*, chpy1, chapxanae xane, dhok.

-Alabedy,hsen ,1987 *nazarya almekan fy lafelsefet ebn syna*, dar shun alseqafyt alama, bagdad.

-Mufty, pary, 2012, *geranawa la cherokekany ahmad esmailda*, chapxanay haje hashm, hawler.

**nama akademyakan:**

-Ebrahem, zanyar zyad, 2021, estatekay shwen la sheirakane (latef halmat), namey mastar la uedeby kwrdyda, zankoy raparen.

-Osman, kazhal abdulqader, 2009, benay shwen la sheiry hawcharxe kurdyda daqa walakane dlawar qaradaxe u kazhal ebrahem xdr wek nmwn, namay mastar, kolezhe adab zankoy salahaden.

**Govarakan:**

-Mahmwd, shno mhamad, 2017, grnge shwen la sheiry new kurdyda, govary zankoy raparen, zhmara(13).

**chwpekawtn:**

-Chwpekawtne abas salhe shaier 3/8/2021